**بەناوی خوای بەخشندەومیهرەبان.**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارەی بڕیار:**

**ڕۆژی بڕیار:**

**بڕیار:**

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی(١)ی مادده(٥٦)و ئەو دەسەڵاتەی بە پێی مادده (٥٣)ی یاسای ژمارە (٢)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) دا ، پێماندراوە، لەسەر داواکاردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– ئێراق لەدا نیشتنی ژمارە (   )ی خۆی لە ڕۆژی ( / / ٢٠٠ ) دا بڕیاری ئەم یاسایەی دا :

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی ٢٠٠**

**یاسای سروودی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان – ئێراق .**

**ماددەی یەکەم** : سروودی ( ئەی رەقیب ) کەدەقی شیعرەکەی لەلایەن (یونس رەئووف دلدار )ی شاعیر دانراوەو، ئاوازەکەشی کە لەلایەن (شێخ حسێن بەرزنجی) یە وە دانراوە ، کە بە(نۆتەی موزیکی )یەوە هاوپێچە بەم یاسایە، دەبێتە سروودی نیشتمانیی بۆ هەرێمی کوردستان – ئێراق و، پێشەکیە موزیکی و میلۆدیەکەی دەکرێتە سەلامی هەرێمایەتی و بە و شێوازە موزیکیەی کە بۆی دیاریکراوە جێبە جێ دەکرێت .

**ماددەی دووەم:** ڕێزگرتنی سروودو سەلامی هەرێمایەتی کوردستان ئەرکێکی یاساییەو هەموو کەسێ لەشوێنە فەرمی وجەماوەرییەکاندا کە گوێبیستی دەبن لە سەریانە بە ڕێزگرتنەوە بۆی بوەستن .

**ماددەی سێیەم** : ئەنجومەنی وەزیران بۆی هە یە بەمە بە ستی ئاسانکاری جێبە جێکردنی ئەم یاسایە ودیاریکردنی کارپێکردنی بە فەرمی وسزادانی سەرپێچیکارا نیەوە ، پێرەوی تایبەت دەربچوێنێت.

**ماددەی چوارەم :** ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی (وەقائیقی کوردستان دا )کاری پێدەکرێت .

**ماددەی پێنجەم :** وەزیرە تایبە تمە ندەکان ئەم یاسایە جێبە جێدەکەن .

**سەرۆکی [illegible] کوردستان – ئێراق**

**هۆکارە پێویستیەکانی ئەم یاسایە :**

بەو پێیەی سروودی نیشتمانی گشت گەلان ونەتەوەکان هێمای نیشتمانیی ونەتەوایەتییانەو،لەبەر ئەوە کە هۆنراوەی ( ئەی رەقیب) بۆتە بەشێك لەویژدانی کوردستانیی وسومبولی خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانیی و،وشەو بڕگەکانیشی گوزارشت لەهیواو ئاواتەکانی گەلی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەکەن و،لەبەر ئەوەیش کە ئەم چامەیە یەکەمین سومبول وسروودی فەرمیی کۆماری کوردستان بووە لەمەهاباد، هەروەها گوزارشتە ئەدەبییەکەو وێنە شیعریەکانی چامەکەو نێوەرۆکەشی خواست وئارەزووە بنیادنەرەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەخەنە ڕوو،سرودەکە تا ئێستەیش هەر کاریگەرو بەزیندوویی ماوەتەوە .

ئەم یاسایەمان دەرچوواند .

**پێشنیازی ئەو پێڕەوەی (النظام) لە ئە نجومەنی وەزیرانەوە دەردە چوێندرێت .**

بەپشت بەستن بە حوکمەکانی یاسای سروودی نیشتمانیی بۆ هەرێمی کوردستان – ئێراق ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠٠٧ کە لەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – ئێراق دەرچووە ، بریارماندا ئەم پێڕەوەی خوارەوە دەربچوێنین :

١- هۆنراوەی (ئەی رەقیب )کە خوالێخۆشبوو ( یونس رەئووف دڵدار)دایناوەو لە (٨ هە شت) جووت دێڕ پێکهاتووەو بەدێڕی ( ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان )دەستپێدەکات وبە (زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان ) کۆتایی هاتووە .

٢- ئەو ئاوازە هاوپێچەی کە خوالێخۆشبوو ( شێخ حسێن بەرزنجی )دایناوە لە دوو رستەی موزیکی پێکدێت .بەتەنیا ئاوازی باوەڕپێکراوی سروودەکە دەژاندرێت .

٣- ئەم سروودە بە سروودی فەرمیی هەرێمی کوردستان دادەندرێت وگشت بۆنە فەرمیی و نیشتمانی و نەتەوەییەکا بەم سروودە دەستپێدەکرێن .

٤- پێشەکیی موزیك ومیلۆدی سروودەکە بە سەلامی هەرێمایەتی دادەندرێت ، بەو مەرجەی ماوەی ژەنینەکەی لە ( ٥٠) پەنجا چرکە تێنە پەڕێت و، لە بۆنە رەسمییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم وحکومەت و ئەنجومەنی نیشتمانی دا لێدەدرێت .

٥- پێویستە گشت ئامادە بووان لەو بۆنانەدا بۆ رێزگرتن لە سروودەکەو سەلامی هەرێمایەتی هەڵسنە سەرپێ .

٦- سەرپێچیکاری حوکمەکانی برگەی (٥)ی سەرەوە بە گوژمەی ( ٥٠٠٠٠٠ )پێنج سەد هەزار دیناری ئێراقی سزا دەدرێت .

٧- سەرجەم هۆیەکانی راگەیاندن لەهەرێم ( بینراوو بیستراو )لە سەریانە لەکاتی دەستپێکردن و کۆتایی بەرنامەکانیاندا پابەندی پەخشکردنی سروودەکە بن .

رەشنووسی پرۆژەکەلەلایەن لیژنەی یاسایی(دەستەی بەیاسایی کردنی سروودی ئەیرەقیب ئامادەکراوە ، لەلایەن ئەم یاسا ناسە بەرێزانەوە :

پارێزەر: محمد صالح ئامێدی - پارێزەر:حسام الدین سەرداری

پارێزەر: ئازاد حمد امین شێخ یونس

وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە

مەجید ئاسنگەر

# سروودی ئەی ڕەقیب

هۆنراوەی/دلدار

ئاوازی/شێخ حسین بەرزنجی



...ف شێخانی / هەولێر

٢٠٠٧/٢/٢

# سروودی ئەی ڕەقیب

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نـای رمێنـێ دانـەیی تـۆپی زەمـان
ئێمە رۆڵەی رەنگی سوورو شۆڕشین
سەیری کە خوێناویە رابوردومان
ئێمە رۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین
دینمان، ئاینمانە، نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندوو هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان
چەند هەزار لاوانی، کوردی نەڕرەشێر
بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران
لاوی کورد ئێستاش حازرو ئامادەنە
جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان
لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەك دلێر
سا بەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد کردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوی ئاڵاکەمان